# پرۆژەی دارت DART

ئەگەر ئێوە ئەم پوختەیەی پرۆژەکەمان دەخوێننەوە وەك دایك و باوكی منداڵێك كە بەشداری كردووە لە یەكێك لە پاكێجەكانی كار work packages ، ئەوا دەمانەوێت سوپاسێکی گەورەتان بکەین. ئێمە هاوكاری ئێوە و بەشداریتان لەم لێکۆڵینەوە گرنگەدا بەرز دەنرخێنین. ئەگەر تۆ ئەم پوختەیە دەخوێنیتەوە وەك پزیشکێکی پەروەردەیی ئارەزومەند، دایك و باوك یان ئەندامێکی خەڵکی گشتی ئەوا سوپاسی ئارەزووەكەتان دەكەین.

## پوختەی جێبەجێکاری

### چوارچێوە Context

چارەكێك لە منداڵان قوتابخانەی سەرەتایی بەجێدەهێڵن بەبێ ئەوەی ستانداردی چاوەڕوانكراویان لە خوێندنەوەدا بەدەستهێنابێت (بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە، 2022). زۆر گرنگە كە ئێمە ئەو منداڵانەی كە لە سەرەتای ئەزموونی قوتابخانەیاندا مەترسی كێشەی خوێندنەوەیان لەسەرە دەستنیشان بكەین، بۆ ئەوەی بتوانرێت پشتگیرییەكی گونجاو بخرێتە بواری جێبەجێكردنەوە. شێوازەكانی پشكنینی ئێستا بریتین لە هەڵسەنگاندنی توانای خوێندنەوە خۆی یان كارامەییەكانی پەیوەندیدار وەك زانینی پیت یان وشەسازی vocabulary. بەڵام ئەم پێوەرانە جێگیرن، هەڵسەنگاندن دەكەن بۆ زانیارییەكانی منداڵێك كە هەن ، كە بەرهەمی توانای فێربوون و ئەزموونەكانییەتی.

دەرفەتەكانی فێربوون لە نێوان منداڵاندا زۆر جیاوازن؛ منداڵانی باكگراوندی بێبەش یان ئەوانەی كە زمانی ئینگلیزی زمانێكی زیادەیە بۆیان ڕەنگە دەرفەتی كەمتریان هەبووبێت بۆ فێربوونی كارامەییەكانی بنەڕەتی خوێندنەوە بە زمانی ئینگلیزی. هەڵسەنگاندنی داینامیكی (Grigorenko & Sternberg, 1998) شێوازێكی پشكنینی دادپەروەرانەتر پێشكەش دەكات، كە توانای فێربوونی منداڵ دەپێوێت لەكاتی تەواوكردنی ئەركێكدا. لە پێداچوونەوەی سیستماتیكی ئەدەبیاتی ئێستا بۆمان دەركەوت كە هەڵسەنگاندنە داینامیكییەكانی كارامەییەكانی پەیوەست بە خوێندنەوە جیاوازییەكانی گەشەی خوێندنەوەی منداڵانیان ڕوونكردەوە تەنانەت دوای حسابكردن بۆ جیاوازیی پەیوەست بە پێوەرە جێگیرەكان (Dixon et al., 2022b) و وردبینییەكی باشی ناسینەوەیان بەدەستهێنا بۆ كێشەكانی خوێندنەوەی دواتر، كاتێك بە تەنیا یان بە تێكەڵكردن لەگەڵ پێوەرە جێگیرەكان بەكاردەهێنرێت (Dixon et al., 2022a). هەرچەندە كەمی بەڵگە لە چوارچێوەی بەریتانیا هەبوو، بۆ كارامەییەكانی پەیوەست بە تێگەیشتن لە خوێندنەوە و بۆ منداڵانی باكگراوندی جۆراوجۆر.

### ئامانج

پێداچوونەوە سیستماتیكییەكانمان بۆ ئەدەبیاتەكان توانای بەكارهێنانی هەڵسەنگاندنی داینامیكی لە پرۆسەی پشكنین بۆ كێشەكانی خوێندنەوە دەستنیشان كرد. ئامانجی سەرەكی پرۆژەی DART دروستكردنی هەڵسەنگاندنی داینامیكی كۆمپیوتەریی بوو بۆ فێربوون، كە ئەگەر دەربكەوێت كە پشكنەری كاریگەرن، دەتوانرێت لە كارەكانی داهاتوودا وەك پشكنەری كەم تێچوون پەرەی پێبدرێت بۆ بەكارهێنان لە قوتابخانەكاندا. توێژینەوەكە لە سێ پاكێجی كاردا ئەنجامدراوە.

1. هەڵسەنگاندنی داینامیكی كۆدكردنەوە لەگەڵ منداڵان لە قوناغی پێشوازی reception، گرنگیدان بە توانای خوێندنەوەی پێشوەختە.
2. هەڵسەنگاندنی داینامیكی فێربوونی وشەی بینین لەگەڵ منداڵان لە ساڵی سێیەم، گرنگیدان بە پەرەپێدانی خوێندنەوەی لێهاتووتر.
3. هەڵسەنگاندنی داینامیكی فێربوونی وشەی بینین لەگەڵ منداڵان لە ساڵی سێیەم، گرنگیدان بە پەرەپێدانی خوێندنەوەی لێهاتووتر.

### پرسیاری توێژینەوە

1. ئایا هەڵسەنگاندنە داینامیكییەكان پەیوەندییەكی كەمتریان بە دۆخی ئابووری-كۆمەڵایەتی و توانای زمانی ئینگلیزییەوە هەیە لە چاو پێوەرە جێگیرەكان؟
2. ئایا فێربوون لە هەریەكێك لە هەڵسەنگاندنە داینامیكییەكان پێشبینی گەشەكردنی توانای خوێندنەوە دەكات بە تێپەڕبوونی كات؟
3. ئایا هەڵسەنگاندنە داینامیكیەكان دەتوانن بە وردی پشكنین بكەن بۆ كێشەكانی خوێندنەوەی دواتر؟

a. چۆن بەراورد دەکرێن بە پێوەرە جێگیرەکان؟

b. ئایا پشکنین باشتر دەکەن کاتێك زیاد دەکرێن بۆ پێوەرە جێگیرەکان؟

## ڕێگا

هەر پاکێجێکی کار هەمان دیزاینی درێژخایەنی بەکارهێناوە، لەگەڵ دوو خاڵی کاتی هەڵسەنگاندن. سەرەتا منداڵان هەڵسەنگاندنیان بۆ کرا بە بەکارهێنانی کۆمەڵێك تاقیکردنەوە جێگیرەکان (بۆ پێوانەکردنی توانای خوێندنەوە و پێشبینیکەرانی تەقلیدی خوێندنەوە) و یەك هەڵسەنگاندنی داینامیکی. لە جاری دووەمدا تەنها تاقیکردنەوەکانی توانای خوێندنەوە کە پێویست بوون بۆ پۆلێنکردنی دەستنیشانکردن تەواو بوون.

## ئەنجامە سەرەکییەکان

ئەنجامدان لە هەڵسەنگاندنە داینامیکییەکان تەنیا پەیوەندییەکی لاواز تا مامناوەندی لەگەڵ باری ئابووری-کۆمەڵایەتی و توانای زمانی ئینگلیزیدا هەبوو. هەروەها پێوەرە جێگیرەکان تەنیا پەیوەندییەکی لاواز تا مامناوەندیان لەگەڵ باری ئابووری-کۆمەڵایەتیدا هەبوو بەڵام پەیوەندییەکی بەهێزتریان بە توانای زمانی ئینگلیزییەوە هەبوو. ئەمە ئەوە پیشان دەدات کە هەڵسەنگاندنە داینامیکییەکانمان ڕێبازێکی کەمتر لایەنگری پێشکەش دەکەن بۆ ئەنجامدانی پشکنین بۆ زیادبوونی ژمارەی ئەو منداڵانەی کە ئینگلیزی وەك زمانێکی زیادە (EAL)یان هەیە کە دەچنە قوتابخانەی سەرەتایی.

هەموو هەڵسەنگاندنە داینامیکییەکانمان پێشبینی گەشەکردنی ناوازەیان کرد لە توانای خوێندنەوەدا دوای کۆنترۆڵکردن بۆ هۆکارە دیمۆگرافییەکان و تاقیکردنەوە جێگیرەکان:

1. هەڵسەنگاندنی داینامیکی کۆدکردنەوە پێشبینی گەشەسەندنی خوێندنەوەی وشەی سەرەتایی کرد.

2. هەڵسەنگاندنی داینامیکی فێربوونی وشەی بینین پێشبینی گەشەکردنی کرد لە وردبینی و خوێندنەوە بە ڕەوانی.

3. هەڵسەنگاندنی داینامیکی فێربوونی وشەسازی vocabulary پێشبینی گەشەسەندنی لە تێگەیشتن لە خوێندنەوەدا کرد.

هەموو هەڵسەنگاندنە داینامیکییەکانمان ئاستی وردبینییەکی نایاب یان دیاریان بەدەستهێنا وەك پشکنەر بۆ کێشەکانی خوێندنەوەی دواتر و دوو هەڵسەنگاندنیان توانای زیادکردنی بەهایان بۆ کۆمەڵەیەکی تاقیکردنەوە جێگیرەکان بۆ منداڵانی تووشبوو بە EAL (کۆدکردنەوە و فێربوونی وشەسازی) نیشان دا. داتاکانی نمونەیەکی لاوەکی لەوانەی خوێنەر نین پێشنیاری ئەوە دەکەن کە بەڕێوەبردنی ئەرکی کۆدکردنەوە لە سەرەتای ساڵی خوێندندا، وەك لە سەرەتادا پلانی بۆ دانرابوو، دەتوانێت وردی پشکنین بۆ هەموو منداڵانی وەرگرتن باشتر بکات.

## ئاراستەی داهاتوو

پرۆژەی DART بەڵگەی 'سەلماندنی مەفهوم'ی پێشکەش کردووە.

ئێستا پێویستە بە هاوبەشی لەگەڵ فێرکاران کار بکەین بۆ ئەوەی بزانین کە چۆن هەڵسەنگاندنە داینامیکییەکانی کۆدکردنەوە و فێربوونی وشەسازی لە چوارچێوەی پراکتیکەکانی ئێستادا لە قوتابخانەکاندا جێی ببێتەوە و دیاری بکەین کە بۆ چ گروپێکی تەمەن و کەی لە ساڵی خوێندندا هەڵسەنگاندنە داینامیکییەکانمان دەبێ بەڕێوەببرێن بۆ ئەوەی بەهاکانیان زۆرترین بێت.

خولێکی زیادەی کاری هاوبەشی دیزاینی بەشداریکردن لەگەڵ منداڵان فێرکاران پێویستە بۆ وردکردنەوەی پێشکەشکردن و پێشکەشکردنی هەڵسەنگاندنە داینامیکییەکان لەسەر پلاتفۆرمێکی دەستگەیشتن و جێگیر و کەم تێچوون، کە گونجاو بێت بۆ بەکارهێنان لە قوتابخانەکاندا.